# ئەگەر بتوانم!

## ڕەفیق سابیر

1

ئەگەر بتوانم بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای سەرەتا
خۆم مەودای خۆم بخولقێنم،
خۆم شێوەیەک دابێنم بۆ ڕوانین
دەرفەتێک بۆ ڕاهاتن بە شوێن و کات
یان جەستەم بهێنمە پەیڤین
تا ڕازەکانی خۆی
ڕازە ئەزەلییەکانی ڕۆح پەخش کات.

2

ئەگەر بتوانم لە زیندانی شوێن و زەمان ئازاد ببم و
خۆ لەمێشی ڕۆژەکانم پێ بکەم
سێبەرەکەم وەک بەرماڵێک بۆ شتەکان ڕابخەم و
فۆرمێک بدەم بە ڕووناکی
دەرفەتێک بە دیالۆگی ناخ،
یان وەرزێک دابێنم: بۆ مردنێکی دی
بۆ ڕامان و ئەڤین
بۆ ڕەهابوونی خەیاڵ و
لەدایکبوونێکی دی.

3

ئەگەر بتوانم لە ڕووی خۆمدا بکرێمەوە و
بە زمانێکی دی خۆم بدوێنم!

لە پەیڤینی ڕازەکانی ناخ بگەم و
هەر شانەیەکی جەستەم بە هارمۆنیای ڕۆح ڕابێنم.

4
من ئێوە بووم! هەمووتان بووم و
## خۆم نەبووم!
خۆمی زارۆک
کە باوەشی دایکم ون کردووە
کە منداڵیم لەسەر ڕێگای سەهۆڵینی شەو جێماوە.
خۆمی شوێنهەڵگری گومان
کە تەویڵم ڕەنگی تاوێر
ڕوخساری خەوبینەرانەم شێوەی ئێوارەی گرتووە.
من ئێوە بووم و خۆم نەبووم
ئەگەر بتوانم
هەر خۆم بم!

5
بە لێوارەکانی خۆمدا هەڵدەزنێم
وەک شەپۆل بە تاوێردا،
یان وەک دەریا بە کەناردا.
ئەگەر بتوانم ڕێگا ون نەکەم
تا بە ناخی خۆم دەگەم.

6
ئاخۆ ئێستا
من چیم بە بەرەوە مابێت؟
تا چەند جەستە و ڕۆح پێک ئاشنان؟
ئاخۆ چی جارانی خۆمم پێوە مابێت؟

7

**لە حزووری ڕووناکیدا**
**وەک خونچەیەکی خەواڵوو دەکرێمەوە**
**دەستەکانم بە شەونمی ڕۆژەکان تەڕ دەکەم**
**ڕۆحم بە گومان و هەتاو.**
**ئاخ! گەر بتوانم**
**لە خۆم بگەم و لەگەڵ خۆم هەڵکەم**
**یان تا دەتوانم لەبەر خۆم ڕاکەم.**